# بەهەشت ودۆزەخم پێنیشاندرا، هەرگیز شتی وەکو ئەمڕۆ نەبینیووە لە خێر وشەڕ، ئەگەر ئەوەی من دەیزانم؛ ئێوە بیزانن ئەوا کەم پێدەکەنین وزۆر دەگریان

لە ئەنەسەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- وتارێکی بۆ داین هەرگیز وەکو ئەو وتارەم نەبیستووە، فەرمووی: «ئەگەر ئەوەی من دەیزانم؛ ئێوە بیزانن، ئەوا کەم پێدەکەنین وزۆر دەگریان». هاوەڵانی پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەموچاویان داپۆشی ودەگریان. ولە گێڕانەوەیەکەدا: پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- هەندێک شتی پێ ووترا سەبارەت بە هاوەڵانی، فەرمووی: «بەهەشت ودۆزەخم پێنیشاندرا، هەرگیز شتی وەکو ئەمڕۆ نەبینیووە لە خێر وشەڕ، ئەگەر ئەوەی من دەیزانم؛ ئێوە بیزانن ئەوا کەم پێدەکەنین وزۆر دەگریان». هیچ ڕۆژێکی ناڕەحەت وەکو ئەو ڕۆژە نەهاتووە بەسەر هاوەڵانی پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم-، سەریان داپۆشی ودەگریان.

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- وتارێکی بۆ هاوەڵان دا هەرگیز وەکو ئەو وتارەیان نەبیستووە، پێیانی فەرموو (کە ئەم واتایە دەگەیەنێت) : بەهەشت ودۆزەخم پێنیشاندرا، هەرگیز وەکو ئەمڕۆ شتی خێر وچاکم نەبینیووە، وهەرگیز وەکو ئەمڕۆ شتی شەڕ وخراپیم نەبینیووە لە دۆزەخدا، ئەگەر ئەوەی من دەیزانم؛ ئێوە بیزانن لە ناڕەحەتیەکانی ڕۆژی قیامەت، وسزا وئازارەکانی دۆزەخ؛ ئەوا کەم پێدەکەنین وزۆر دەگریان. هاوەڵانی پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەموچاویان داپۆشی وزۆر گریان، هیچ ڕۆژێکی ناڕەحەت وەکو ئەو ڕۆژە نەهاتووە بەسەریاندا.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/4814